# ** ئۆرهان پەمۆک، نووسەرێک بۆ دونیای ئەمڕۆ**

وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

ئۆرهان پەمۆک ڕۆژی 7 ژوئەنی ساڵی 1952 زایینی لە شاری ئەستەموول،دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵێنا.
پەمۆک زۆربەی ساڵانی تەمەنی هەتا بە ئێستا هەر لە ئەستەموول وەپشت سەر ناوە، جگە لەو سێ ساڵەی نەبێ کە لە نیۆیۆرکی بەسەر برد. پەمۆک پاش ئەوەی سێ ساڵان لە بەشی نژیارڤانی زانکۆی تەکنیکی ئەستەموول،مژولی خوێندن بوو،ساڵی 1974 دەستی دایە نووسین،یەکەم ڕۆمانی ناونیشانی : cevdet BEY ve ogullari لە سەر بوو کە ساڵی 1979 خەڵاتی ڕۆماننووسی "میللیەت پرێس"ی بردەوە. ئەو کتێبە ساڵی 1982 لە چاپ درا،ساڵی 1984 یش، خەڵاتی "مادارالی" بردەوە، دووەم ڕۆمانی ناونیشانی : sessiz EN ی لەسەر بوو کە ساڵی 1983 چاپ بوو. ساڵی 1985 ڕۆمانی مێژووی "قەڵای چەرموو"ی لە چاپ دا،ئەو بەرهەمە ناوبانگی جیهانی بۆ پەمۆک بە دیاری هێنا. نیۆیۆرک تایمز دەنووسێ: ئەستێرەیێکی نوێ لە ئاسمانی خۆرهەڵاتەوە هەڵهاتووە،ئەویش ئۆرهان پەمۆکی نووسەری تورکە.
ڕۆمانی بە ناوبانگی پەمۆک واتە "ڕەشە کتێب" یان کتێبی ڕەش،یەکێکە لە باڵ کێشترین بەرهەمەکانی نێو ئەدەبی تورکی،ساڵی 1992 فیلمنامەی فیلمی Gizliyuz هەر بە پێی هەمان ڕۆمان، نووسی.
"ژیانی نوێ" ڕۆمانێکی دی پەموکە ساڵی 1995 لە ڕیزی بەرهەمەکانی پڕ فرۆشی ساڵدا بووە. بەرهەمەکانی پەمۆک بۆ پتر لە 34 زبانان،وەرگێڕدراون.
ئۆرهان پەمۆک یەکێکە لە نووسەرانی هەرە ناسراوی تورکیا،لە حەقیقەتدا پەمۆک سیمایێکی هەرگەش و نووسەرێکی پێشەنگی نێو بەرەی نوێی نووسەرانی تورکە. پەمۆک لە تەمەنی 20 ساڵیدا وازی لە خوێندنی بەشی نژیارڤانی هێنا و ڕووی لە دونیای ڕۆژنامەگەری کرد هەتا خزمەتی ئیجباری(سەروازی) لە کۆڵ بکەوێ. پاش بەینێ گەڕایەوە زێدەکەی واتە ئەستەموول و چەندین ڕۆمانی نووسی،بێ ئەوەی بۆی بلوێ لە چاپیان بدات،بۆخۆ دەڵێ: لەو سەردەمەدا تەنێ کار و هەرمانم ئەو بوو بخوێنمەوە و بنووسم، بۆ ماوەی 8 ساڵان لە ژینگە و دونیای چوار دەورم بە تەواوەتی دابڕابووم،یان بە واتایێکی دی ئەوە نە ژیان بوو بەسەرم دەبرد. تەنانەت یەک "پەنی"یشم دەرنەدەهێنا.
پەمۆک هەنووکە 50 ساڵیەتی و ژیانی گۆڕان و شۆڕشێکی بەسەردا هاتووە و ناوبانگی بە هەموو دونیادا بڵاو بۆتەوە.
ڕەخنەگری ڕۆژنامەیێکی سوێدی سەبارەت بەو وتوویە: پەمۆک ئاگای لە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنە،ئەو نووسەرێکی پێشەنگە کە سەرکەوتنەکەی،زێتر ئەگەڕێتەوەر بۆ ورەبەرزی و هەوڵی بێوچان و تێکۆشانی بێ پسانەوەی.

دەكرێ بەرهەمەكانی پەمۆک دەگەڵ بەرهەمی نووسەرانی وەک بۆرخێس،كالۆینۆ،جۆیس و كافكا،هەڵسەنگێنین.

پەمۆک لەسەر رۆمانی نوێ،خاوەنی روانگەیێكی قووڵە، نوێترین رۆمانی بە ناونیشانی: ناوی من سۆره" كە خەڵاتی سەت هەزار یۆرۆیی ئاشتی پەخشكارانی ئەڵمانی بەركەوت،هەڵگری پاشكۆییكی دیرۆكییە و چەشنێ رێزنانە لە دەستەڵاتی حكومەتی خەلیفەی عوسمانی . لەو رۆمانەدا نەقڵكەری بەسەرهاتەكە لە كارەكتەرێكەوە بۆ كارەكتەرێكی دی دەگوێزرێتەوە.هەندێ جار دەبێ بە سەگێک،برێک جار درەختێكی نەخشێندراو،جاری وایە دراو و سككەییک و برێک جاریش رەنگی سوور. پەمۆک زۆر ژیرانە و زیرەكانە، توخم و رەگەزی گاڵتەجارییی تێكەڵ بە دەقی رۆمانەكەی كردووە. پەمۆک هەنووكە رۆڵی نێوبژیوان لە نێوان خۆرهەڵات و خۆراوادا دەگێڕێ. چەن رۆژێ بەر لە وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی پیشانگەی كتێبی فرانكفۆرت،دەگەڵ پەیامنێری گۆڤاری "شپیگڵ" لەسەر پێوەندی نێوان ئەوین و نەفرەت لای رووناكبیرانی توركیا و رۆژاواییەكان، كەوتە ئاخاوتن و قسەكردن،رەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت كە هەمووان لەسەر ئەو رایەن كە بار و رەهەندی سیاسی بەرهەمەكەی پەمۆک،بۆتە مایەی بەخشرانی ئەو خەڵاتە بەو.

****************************************************************

ئەمەش دەقی گفت و گۆكەی شپیگڵ دەگەڵ ئۆرهان پەمۆک

پ: بەرێز پەمۆک تۆ خەڵاتی ئاشتی پیشانگەی كتێبی ئەڵمانت بردەوە،بەرهەمەكانت هەم هەڵگری باری ئەدەبین،هەمیش سیاسی،كامەیان لات سەرنج راكێش ترە؟

و: بە لای منەوە گەلێ سەرنج راكێشە كە هەم ئەڵمانییەكان و هەمیش توركان،زێتر لا لە رەهەند و باری سیاسی ئەو بەرهەمە دەكەنەوە و ئەوەندە بارە ئەدەبییەكەیان لا گرینگ نییە.هەڵبەت نوێترین رۆمانی من،بەرهەمێكی سیاسییە.

پ: لەبەرچی رۆمانی "بەفر" بە رۆمانێكی سیاسی دەناسرێ؟

و: چونكە بیر و بۆچوونی سیاسی منی تیایە،تەنێ بۆ ئەوەی هەست و نەستی خۆ دەربڕم وچی لە دڵمایە هەڵیڕێژم.

پ: ئەرچی زۆربەی بەرهەمەكانت زادەی ئەستەمووڵن بەڵام ئەم رۆمانە لە "قارس" لە دایک دەبێ،چۆنە ئەوێت هەڵبژارد؟

و: ئەو دەمەی لە دەیەی بیست دا بووم،دەمەویست گەشتێ بە وڵاتەكەمدا بكەم،هەر بۆیە دەگەڵ هەڤاڵەكەم گەشتی گەلێ شارانمان كرد و شەیدای جوانییەكانی "قارس" بووم. بەشێكی ئەو شارە لە لایەن رووسەكانەوە چێكراوە،هەر بۆیە دەگەڵ زۆربەی ناوچەكانی دی توركیا، تۆفیری زۆرە و جیاوازترە. ئەو خاڵە لەسەر زەینم مایەوە هەتا كاتێ دەستم دایە نووسینی رۆمانی "بەفر"، "قارس"م لا شوێنێكی هەرەباش پێ شک هات چونكە بەزستانان بەفرێكی قورس لەو ناوە دەبارێ.

پ: کا (ka) قارەمانی نێو ڕۆمانەکەتە،بەڵام نەقڵکەرێکی دیکەشی تیایە بە نێوی ئۆرهان کە پاش مردنی کا،دووی چارەنووسی سەربردەکەی دەکەوێ،هەتا چەندە کەسایێتی ئۆرهان پەمۆک لەو ئۆرهانەدایە؟

و: ئەو کارەکتەر و کەسایێتییەکی نێو ڕۆمانە،ئەو نە منە،ئەرچی بەرهەمەکانی من سەرچاوەکەیان سەربردەو ژیانی خودی منن ،ئەوە لای دۆس و هەڤاڵان و بنەماڵەکەم زۆر باڵ کێشە. چونکە ژیانی کەسێتی خۆی لە نێو ڕۆمان و چیرۆک دا دەبینێتەوە.

پ: شارەکەت ئەستەموولە،نووسینگەکەت پانۆڕاما و دیمەنگەیێکی هەرە لەبەر دڵانی هەیە،کاتێ لێرە کار دەکەی و دەنووسی،هەست بە چی ئەکەی؟

و: گەلێ بەوە خەنیم هەندێ جار بە گاڵتە و سوحبەتەوە ئێژم من تاقەڕۆماننووسم، دەتوانم لە دەلاقەوە چاو لە دەرێ بکەم و کارەکتەرەکانم ببینمەوە،لێرەوە شارت لە بن پێدایە.

پ: ئەمڕۆکە وەک یەک لە ڕووناکبیرانی پێشەنگی تورکیات دەناسن،باشە پێت وایە ئەوە دەگەڵ ئەو شتەی لات گرینگە،ناتەبا نییە و یەک دەگرنەوە ؟

و: ڕاستبێژانە بڵێم قەت ئەفسووسی ئەوە ناخۆم ئەمەم بۆ بە شێوەیێکی کت و پڕ هاتۆتە ئاراوە.

پ: تۆ لە لاگرانی ئەندامیەتی تورکیا لە یەکێتی ئورووپایت،ئایا ڕۆمانی "بەفر"،یارمەتی ئەم مەبەستە دەدا؟

و: چاک لە مەبەستەکەت دەگەم،هەڤاڵێک لە هۆڵەندا پێی وتم: پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکەت،ترسم لێ نیشت،منیش پێم وت ڕۆمانەکەی من ،ڕۆمانێکی مێژوویی نییە.

پ: بەڵام ئەو ڕووداوانە لە دەیەی 90 دا قەوماون!

و: ڕاستە،لێ ئێمە هەمیشە لە دووی ئەو بووینە لە یەکێتی ئوروپا بینە ئەندام،هەر ئەوەش گۆڕانێ بەسەر یاسا و ڕێسای وڵاتەکەماندا دێنێ،ئەو ڕووداوە تاڵانەی لە دەیەی 90 دا قەومان،بەرۆکی کەسانی دەمارگر و توندڕەو دەگرێتەوە و زێتر ڕووی لەو جۆرە کەسانەیە.

پ: تۆ ڕەوشێکی پڕ لە توند وتیژی و زەبر و زەنگ، دەخەیتە بەرچاوان.

و: ئەمە نابێ خەڵک بتۆقێنێ،ئەرچی ڕۆمانی بەفر،دوو کولتووری تورک و کورد ئەخاتە پێش چاوان بەڵام دڵنیام دوا بە دوای بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئوروپا،ڕەوشەکە گەلێ گۆڕان بە خۆوە دەبینێ و ئەو گرفت و کێشانەش لا دەچن.

پ: باشە پێت وایە تورکیا لە هەشت_دە ساڵی ڕابوردوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

و: دیارە تورکیا زۆر گۆڕانی بە خۆوە دیوە،هێشتاش ئەو شەپۆلە هەر بەردەوامە،پرسی ئەندامیەتی لە یەکێتی ئوروپا،ئۆقرە بە دڵی میللەت دەبەخشێ،بەڵام وتووێژ و گفت و گۆ، تازە دەس پێکراوە.ئەم ڕەوتە هەتا دەساڵان دەخایەنێ،هەتا ئەو دەمیش ڕەوشەکە لە باری سیاسی،ئابووری و چاندییەوە پڕ دەگۆڕێ.

پ: بەڵام تۆ لە ڕۆمانی بەفردا نموونەی زۆر کەسانمان لا دەخەیتە پێش چاو کە دەتوانن کێشەسازکەر و مایەی گێچەڵ بن.

و: ئەو جۆرە کەسانە لە ئورووپاش کەم نین، مێژووی تورکیا، مێژووی ئورووپاشە.

پ: جیاوازی سەرەکی نێوان تورکیا و ئوروپا لە چیدا دەبینی؟

و: سالآنی خوێناوی و شەڕ و پێکدادان،ئەوەی فێری ئوروپاییەکان کرد وەدووی سیاسەت کەوتن، بە بێ بێزاری و نەفرەت لە ئایین،ئۆقرە و سوکنا بە میللەت دەبەخشێ و ئاشتی سەقامگیر دەکات. ئەم چەمکە هێشتا لای تورکەکان جێ نەکەوتووە.

پ: قارەمانی ڕۆمانەکەت یانێ "کا" خۆ بە لائیک دادەنێ،بۆخۆت ئاوایت.

و: مەزەبی لای من هەندێ ئاڵۆزکاوە.مەزەب و ئایینی من ئەدەبە.

پ: تۆ خۆ بە موسڵمان دادەنێی؟

و: من خۆ بە بەشێ لە کولتووری موسڵمانان دەزانم،لادین نیم،خۆ بە بەشێ لەو کولتوورە دادەنێم، بەڵام دەکرێ بڵێم گەلێ کاریگەرێتی دەستۆیفسکی و سارترم، بەسەرەوەیە.

***************************************************************

تێبینی: ژێدەری ئەم بابەتە، گۆڤاری مانگانەی "ئازما"یە ، ژمارەی 38 گەڵاڕێزان ،سەرماوەزی 1384 هەتاوی،ژمارەی تایبەت بە هونەر و ئەدەب،دیارە ئەو بابەتە لە ئەڵمانییەوە بۆ سەر فارسی وەرگێڕدراوە، بەڕێزێک بە ناو و شۆرەتی "میترا کەیوان مێهر" ئەو ئەرکەی بە ئەنجام گەیاندووە،منیش وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی.

تاران،3 سەرماوەزی 2705 کوردی